# نووسین لەسەر روحت

تریفە دۆسکی

2007/7/22



روحت چەند تەڕە

کە شعری لەسەر ئەنووسم وشە وشە ئەبنە خوناو

کە لەسەر پەنجەکانت ئەنووسم ئیتر پەیڤ پەیڤ ئەبنە

پردێك بەرەو بەهەشتێکی سەوزم ئەبەن

جەستەت ئەبێتە لاپەڕەیەکی مۆر و

نووسینەکانم بە رووتی خۆیان لە چاوانت ئەشارنەوە

پێڵوەکانت ئاوێنەیەکن وشەکانم قژیان لەبەر دائەهێنن و

چاویان رەش ئەکەن

لە بۆنی جەستەت عەترێك لە بنکەوشی پەپولەکان ئەڕشێنم

شەوان لەبەر چرایەکی کزدا

مووی پەنجەکانت ئەژمێرم

لەبن هەر موێکدا ماچێکت بۆ بەیانی بەجێدێڵم

هەناسەکانت هەورێکن پڕی فرمێسکی من

کاتێك کە غوربەت ئەمکوژێ

ئیتر هەناسەکەت و فرمێسکەکانم ئەرژێنە سەر دەستەکانت

دەستەکانت ئەبنە رووبارێکی شین

بۆقەکانی تێدا ئەفڕن و

ماسییەکان جووت ئەبن

ئیتر خۆم لە بن تاڤگەی دەستەکانت

ئەشۆم و شوێنی ماچەکانت تەڕ ناکەم

ماچەکان لەناو گەڵای دڵتدا ئەپێچمەوە و

لەبن سەری خەونەکانت هەڵیان ئەگرم

روحت باڵندەیەکی کەسکە  وەك ئاوازەکانی دەریا

روحەکەت وەك شۆڕەبییەك شۆڕئەبێتەوە ناو روحم